


# پاریس جەژنی نەبڕاوە و جوانییەکانی یادداشتی ئێرنست هەمینگوای

**هاشم سەڕاج**

«پاریس جەژنی نەبڕاوە» کتێبێکی «ئێرنست هەمینگوای»یە، «ژوان جەلال» لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە لە کۆمەڵێک بەش پێکهاتووە و هەر بەشێکیش ناوونیشانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵدەدەم لەبەردەم هەندێ دیمەنی ناوازە و بابەتی گرنگدا هەڵوەستە بکەم، هەمینگوای لە دەسپێکی ئەم کتێبەدا دەڵێ:

[ئەگەر تۆ ئەوەندە بەختت هەبێت، کە لە گەنجێتیدا لە پاریس ژیابیت، ئیتر باقی ژیانت بۆ هەر کوێ بڕۆیت، ئەوە لەگەڵ تۆدا دەمێنێتەوە، چونکە پاریس جەژنێکی نەبڕاوەیە].

هەمینگوای بەدوای کافێیەکی باشدا دەگەڕێت، کافێ دیزامانێ زبڵخانەی شەقامی «موفتاغ»ـە و سەرخۆشەکانی گەڕەک لەوێ کۆدەبنەوە و بۆ درنی لەش و بۆن ترشاوی سەرخۆشی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا و هەمینگوای هەوڵدەدا خۆی لەم کەشە بەدوور بگرێت، کردەی نووسین لەم یادداشتەدا بە ستایلێکی وەسفگەرایی لە هەڵسوکەوتی ژنە سەرخۆشەکان و بازاڕە قەرەباڵغەکان و ئەپارتمان و توالێتی داکەوتوو و تانکی گالیسکەی ئەسپەکان و ترومپالێدان و پۆستەری زەرد داگەڕاوی سەر دیوارەکان و گیافرۆش و پەڕاوگە و دوکانی ڕۆژنامەکان دەدوێت و ئەو هۆتێلەی کە «ڤێرلین» تێیدا مرد، ئێستا هەمینگوای لە ژوورێکی نهۆمی سەرەوەی هۆتێلەکەدا دەژی و خەریکی کاری ئەدەبییە و لە پلازسنت- میشیل قاوەخانەیەکی خۆش و گەرم و خاوێن دەدۆزێتەوە، لێرەدا باس لە پێوەندی کردەی نووسین و هەستی جوانی دەکات، گارسۆنەکە دێت و داوای کافێیەکی ئۆلێتێک دەکا و دەفتەری یادداشت و پێنووسێک لە گیرفانی چاکەتەکەی دەردەهێنێت و دەست بە نووسین دەکا، کچێکی جوان دێتە کافێکە و بە تەنیا لەسەر مێزێک دادەنیشێت و قژی وەک باڵی قەلەڕەش تۆخ و تیژ و لار بەسەر گۆنایدا بردراوە، هەمینگوای سەری هەڵدەبڕێت و سەیری کچەکە دەکات و دەست بە نووسینی چیرۆکەکە دەکا و دەڵێ [ئەی جوانێ، من تۆم بینی و تۆ ئێستاماڵی منی، ئیتر ئەگەر چاو لە ڕێی هەر کەس بیت و ئەگەر هەرگیز نەشتبینمەوە] داوای خواردنەوەی «سنت جەیمس»ی تر دەکا و هەمیسان کاتێ سەری هەڵدەبڕێت، کچەکە ڕۆیشتووە. ئەمە ئەزموونی چرکەی نووسین و دەرکەوتنی جوانییە، هێز و گوڕێکی بێ سنوور بە کردەی نووسین دەبەخشێت، جوانی کچەکە وەک جوانییەکی ڕاگوزەر شوێنێک لە

پانتایی چیرۆکەکە داگیر دەکات، هەمینگوای لە بەشی ئامۆژگارییەکانی «مس ستاین»دا وێڕای وەسفکردنی وەرزی زستان و باخەکانی لیوکسمبوغ و پاش نیوەڕۆیان بەناو باخەکاندا دەڕۆیشت بۆ [میوزێ دولیوکسمبوغ] کە تابلۆ مەزنەکانی لێ بوون. بۆ ئەوەی بە خاتری سیزان و بینینی مانێ و مونێ و ئیمپرێشنیستەکانی تر کە لە دامەزراوەیەکی هونەردا لە شیکاگۆ ئاشنایان بووبوو.

هەمینگوای لە تابلۆکانی سیزانەوە فێرە ئەوە بووبوو کە ڕستەیەکی ڕاستەقینەی سادە، بۆ ئەوەی چیرۆکەکە ئەو مەودایانەی هەبێت، لەوەیە مەبەست لە دەسپێک و ڕستەی یەکەم بێت، ئەم حاڵەتە لای «مالارمێ»یش بوونی هەبووە، هەمیشە دەیگوت ڕستەی یەکەمی شیعر لە خوداوەندەوە دێت، هەمینگوای لەم یادداشتەدا ئەوە دەسەلمێنێت کە لە ڕێگەی تابلۆکانی سیزانەوە ئاشنای نهێنییەکانی نووسین بووە، بە تایبەتی چیرۆک، دوای ئەوەی لەگەڵ هادلی هاوسەری، سەردانی مس ستاین دەکەن و بە بینینی ستۆدیۆ گەورەکە کە پڕاوپڕە لە تابلۆ و زۆرتر لە موزەیەک دەکا، دڵخۆش دەبن، لەوێ کحولی دروستکراو لە هەڵووژەی مۆر و هەڵووژەی زەرد و تووتڕکی کێوی دەخۆنەوە، کاتێ مس ستاین و هاوڕێکەی بۆ شووقەکەی خۆیان داوەتیان دەکەن، مس ستاین داوا دەکات چیرۆکەکانی ببینێت، هەڵبەتە هەموو چیرۆکەکانی پێ جوانن جگە لەو یەکەی ناوی «لەوێ لە میشیگەن»ـە. دەڵێ چیرۆکێکی باشە، بەڵام «ئینا کروشابلە» وەک تابلۆیەک وایە.

کە نیگارکێشێک وێنەی دەکێشێت و دواتر ناتوانێت لە پێشانگەکەیدا هەڵیبواسێت هەمینگوای سەردانی ستۆدیۆکەی مس ستاین دەکات و بەیەکەوە براندی دەخۆنەوە و مس ستاین وانەی سێکسی پێ دەڵێت، پاشان لە تابلۆکانی بیکاسۆ دەدوێن و باس لە چۆنیەتی جل و لەبەرکردنی جل دەکەن، هەروەها ڕووی قێزەونی هاوڕەگەزبازی شی دەکەنەوە و چۆن هاوڕەگەزبازەکان بۆ ئەوەی خەفەت و نیگەرانی لە یاد بکەن ئالوودەی تلیاک کێشان دەبن، بەڵام هەمینگوای گەنج هێندە عاشقی هاوسەرەکەیەتی کاتێ دەگەڕێتەوە ماڵەوە شەو لە جێخەوەکەیدا سەرجەم گفتوگۆکە بۆ هاوسەرەکەی دەگێڕێتەوە. مس ستاین و هەمینگوای گەنج، سەرچاوەی خوێندنەوەیان جیایە، هەمینگوای کاری بۆ ڕۆژنامەیەکی کەنەدی و دەزگا هەواڵگرییەکانی دەکرد، یان بۆ کۆنفرانسی سیاسی جیاواز جیاواز دەچوو، کاتێ سەردانی مس ستاینی دەکرد، حەزی دەکرد وردەکارییە ئەنتیکەکانی کار و سەفەرەکانی بۆ بگێڕێتەوە، بە تایبەتی هەواڵە خۆشەکانی دنیا، هەمینگوای ژیانی بۆ کار و وەرزش و سەفەر و خوێندنەوە و نووسین تەرخان کردبوو، حەزی لە نووسینەکانی ئالدۆس هۆکسلی، دی - ئێچ- لۆرەنس بوو، یان هەر کامی تر کتێبی چاپکراویان هەبووایە، بەڵام مس ستاین پێی دەگوت: هۆکسلی زەلامێکە مردووە، تۆ زەلامێکی مردووت بۆ چییە بیخوێنیتەوە؟ نابینی مردووە؟ مس ستاین حەزی بە نووسینەکانی شروود ئەندرسن و چەند نووسەرێکی تر دەکرد و کەیفی بە جۆیس نەدەهات، لە ئێزرا پاوەند تووڕە بوو، بەڵام دوای ماوەیەک کە هەمینگوای لە کەنەدا دەگەڕێتەوە، هاوڕێیەتییان لەگەڵ مس ستاین هەر بەهێزە، مس ستاین دەربڕینی نەوەی سەرگەردان بەکاردەهێنێت، پاترۆی گەراجەکە بە توندی سەرزەنشتی کردبوو پێی گوتبوو، ئێوە هەمووتان نەوەیەکی سەرگەردانن، «مس ستاین»یش دەڵێ: ئێوە ئەوەن، ئێوە هەر هەمووتان ئەوەن، ئێوە هەموو گەنجەکان کە لە جەنگدا خزمەتتان کردووە و ئێوە نەوەیەکی سەرگەردانن، هەڵبەتە مس ستاین ژنێکی زۆر زل بوو، بەڵام کەڵەگەت نەبوو، چاوی جوان بوو و دەموچاوێکی پتەوی جووی- ئەڵمانی هەبوو، کە دەچووەوە سەر خەڵکی فریولییش، شێوەی ژنە جووتیارێکی باکووری ئیتاڵیای بە بیر هەمینگوای دەهێنایەوە، بەڵام هەمینگوای ئێستاش پێیوایە مس ستاین هاوڕێیەکی گەرموگوڕ و میهرەبانە و چەند جوان باس لە ئەپۆلۆنیر و مردنەکەی دەکات، هەمینگوای لە یادداشتەکەیدا باسی ئەو ڕۆژانە دەکات کە پارەی کتێب کڕینی نەبوو و لە کتێبخانەی شەکسپیر و کەمپەنی کە کتێبخانە و کتێبفرۆشی سلڤیا بیج بوو، چۆن کتێبی بە ئەمانەت وەردەگرت، کتێبفرۆشییەکی گەرم و خۆشی بە ئاگردانە زستانییەکەی و ڕەفەو مێزی کتێب و وێنەی نووسەرە ناودارەکان بە مردوو و زیندووەکانەوە بە دیوارەکانییەوە هەڵواسراون، سلڤیای کچە ڕوو خۆش و میهرەبان سەرپەرشتی کتێبخانەکە دەکات و هەمینگوای ئەوەندە پارەی پێ نەبوو ببێتە ئەندامی کتێبخانەکە، بەڵام سلڤیا پێی دەڵێت چەند کتێبت دەوێ ببە، ئەویش شەڕ و ئاشتی تۆلستۆی و قومارباز و چەند چیرۆکێکی تری دەستۆیڤسکی دەبات و دەپرسێ ئەی جۆیس کەی دێتە ئێرە؟ ئەگەر بێت هەمیشە

درەنگانێکی عەسر دێت.

هەمینگوای لە پاریس و ڕووباری سین و دوورگەی سانت- لوی دەدوێت و بازاڕی شەرابەکە و ئەو عەمبارەی شەرابی تێدا هەڵدەگیرا لە ڕووی دەرەوەی لە گەنجینەیەکی سەربازی، یان لە کەمپێکی زیندانی دەکرد و دڵی دەگرت، هەروەها دوورگەی سانت-لوی و شەقامی تەسک و ترووسک و خانووە جوانەکان و ئەو کتێبفرۆشییەی کتێبی ئەمریکی تازە لە چاپدراوی دەفرۆشت، یان کتێبی دەستی دوو، کە گەشتیارەکان دوای خوێندنەوەی بە کتێبفرۆشییەکانیان دەفرۆشت، یان خوێندنەوەی کتێب لە سەفەری کەشتییەکاندا، هەمینگوای زۆر بە وردی لە ماسیگرەکانی کەناری ڕووباری سین و ڕێستوران و ماسیفرۆشی و شەرابی سپی و بەلەمە جوانەکانی سین و پرد و شوێنە جوانەکای دەڕوانی، هەندێ شوێن فەزای چیرۆکەکانی مۆپاسانی بیردەخەنەوە و بەستنی ڕووباری سین و دووبارە شەپۆلدانەوەی بەپێی وەرزەکان، ئەم دیاردەیە بە بوون و تەمەنی مرۆڤ دەچوێنێت.

هەمینگوای لەگەڵ هادلی هاوسەری زۆر بەختەوەرە و پێیوایە تەنیا شتێک کە بتوانێت ڕۆژێکی باشت لێ تێکبدات خەڵکە، خەڵکی بەوادە دانانی سنوور بۆ دڵخۆشی دادەنێن، جگە لەوانەی کە باشن و ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێ ناپەڕێت. هەمینگوای لە بەیانیانی بەهاردا زۆر کاری دەکرد کە هێشتا هاوسەرەکەی نووستبوو، دوکانەکان جارێ داخرابوون، شوانی بزنەکان بەدەم لێدانی بلوێرەکەیەوە لە شەقامەکەوە سەرکەوت و ژنێک لە نهۆمی سەرووی ئەواندا دەژیا و بە مەنجەڵێکی گەورەوە ڕۆیشتە سەر شۆستەکە و شوانی بزنەکان، بزنێکی شیرداری هەڵبژارد و دەستی خستە سەر گوانەکەی و دۆشییە ناو مەنجەڵەکەوە، سەگەکەی بزنەکانی تری بۆ سەر شۆستە بە پێش دابوو، پارەکەی لە ژنەکە وەرگرت و سوپاسی کرد، هەمینگوای دوای بینینی ئەم دیمەنە بڕیاری دا بچێت ڕۆژنامەی بەیانیانی پێشبڕکێی ئەسپسواری بکڕێت و سەیری کرد پێشبڕکێیەکە لە «ئۆنگیەن» دەکرا، لە مەیدانە بچکۆلە و جوان و گیرفانبڕەکەدا، ئەوەماڵی بێگانەکان بوو، ئیتر لەگەڵ هاوسەرەکەی بڕیار دەدەن، بۆ پێشبڕکێیەکە بچن.. دەگەنە گۆڕەپانی پێشبڕکێکە و هەمینگوای کەسێک دەدۆزێتەوە لە ڕۆژگاری جارانی سان سیرۆی میلانەوە دەیناسێت، دوو «ئەسپ»یان پێ دەدات [ئاگات لێ بێت قازانجیان لێ پەیدا ناکرێت، بەڵام مەهێڵە نرخەکەی ساردت بکاتەوە] بە دوو ئەسپەکە بەشداری گرەوی پێشبڕکێکە دەکەن و لە باڕی ژێر سەکۆکە هەندێ شەمپەین دەخۆنەوە و چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخەکان دەکەن، نرخی هەژدە بەیەکە.. گرەوەکە بەردەوامە دواجار لەم گرەوە پارەیەکی باشیان دەست دەکەوێت و پیاسە دەکەن و یادەوەرییەکان دەگێڕنەوە و بیر لە «چینک» دەکەنەوە کە سەربازێکی پرۆفیشناڵ بوو لە ئیتاڵیا ناسیبووی، چینک نامەی بۆ ناردبوون لەوەیە ئەم هەفتەیە بێتە لایان، هەمینگوای بڕوای وابوو [دەبێت ئێستا لە ئێستادا بژین و یەک دەقەی لە کیس نەدەین] کاتێ برسییان دەبێت دەچنە «میشودز» ڕیستۆرانێکی خۆش و گران.. ئەوکات جۆیس لەگەڵ خێزانەکەی لەوێ نانی دەخوارد، جۆیس لە چاویلکە ئەستوورەکەیەوە لە ئاشنامەکە ورد دەبووەوە. نۆرا لە تەنیشتییەوە نانخۆرێکی نەوسن، بەڵام ناسک، جۆرجیۆ باریک، کەشخەچی، قژی لووس لەدواوە، لوسیا بە قژێکی قورسی شەپۆلاوییەوە هەموویان بە ئیتاڵی قسەیان دەکرد.

هەمینگوای لە بەشێکی تری یادداشتەکەیدا بەدرێژی لە پێشبڕکێی پاسکیل سواری و ماتۆڕسواری دەدوێت و لەگەڵ «مایک»ی هاوڕێی دەگەنە ئەو بڕوایە کە پێویست ناکات لەم پێشبڕکێیانەدا گرەو بکەن، زۆرجار کەشی پێشبڕکێکان دەبن بە بابەتی کورتە چیرۆک، بەڵام بەشێکیان ون دەبن، هەمینگوای زۆر بە وردی لە شەقامەکانی پاریس و دوکانەکانی هەویرسازی و جامخانەکان و دنیای ڕۆژنامەوانی و چالاکییەکان دەدوێت، پاشان موزەی لیوکسمبوغ و تابلۆکان و دەڵێ: بە برسێتی فێربووم باشتر لە سیزان تێبگەم و بە چاکی ببینم چۆن نیگاری دەشتودەری کێشاوە، داخۆ دەبێ ئەویش لەکاتی نیگارکێشاندا برسی بووبێت، دەسهەڵگرتن لە کاری ڕۆژنامەوانی و بایەخدان بە نووسینی چیرۆک و کورتە چیرۆک باری دارایی و ئابووری بەرەو خراپی دەبات و هەوڵدەدات چیرۆکەکانی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبکاتەوە تا پێی بژیت، بەڵام ئەستەمە، ڕۆژنامەکان بۆی بڵاوناکەنەوە، بەشێک لە چیرۆکەکانی کە لە جانتاکەی «هادلی»دا بوون، دەدزرێت و چیرۆکێک دەنووسێت دەربارەی گەڕانەوە لە جەنگ، بەڵام هیچ باسێکی جەنگی تێدا نییە، کافێی کلۆسغی لیلا، کە شاعیرەکان لەم کافێیە دادەنیشتن. پۆل فورت دوایەمین شاعیرە و هاتوچۆی ئەم شوێنە دەکات، ئێوارەیەک هەمینگوای لە لیلا دانیشتووە و لە ناکاو فۆرد ماکس فۆرد دێتە لای،

کەچی ئەو هەمیشە خۆی لە فۆرد لادەدا، فۆرد داوای لێدەکات خۆی و هاوسەرەکەی شەوی شەممە بێن بۆ بال میوزێت، هەر لە کافێکە دیالۆگە درێژەکەی نێوان هەمینگوای گەنج و فۆرد دەربارەی پیاوی جێنتڵمان و پیاوی خوێڕی و نامەرد... پاشان ئاماژەدان بە کەسایەتی ئەلیسەر کرولی ڕەقەڵە کە بە کۆلوانەکەیەوە لەگەڵ ژنە باڵا بەرزەکەیا دەڕوات، ئەلیسەر مرۆڤێکی شەیتانپەرستە، هەروەها هەمینگوای لە کافێکە مشتومڕێکی دوورودرێژ لەگەڵ کوڕێکی گەنج لە بارەی ڕەخنەوە ئەنجام دەدات، لە شەقامەکە دەپەڕێتەوە بۆ «دۆم».

دۆم قەرەباڵغە و خەڵکانێکی لێیە کە لە کار تەواو بووینە، نووسەر و نیگارکێش و شانۆکار و مەیخۆرەکان، لەگەڵ «پاسن» لەسەر مێزێک دادەنیشێت کە دوو مۆدلی لەگەڵدایە و جووتێ خوشکن، پاسن نیگارکێشێکی مەینۆشە و مەستییەکی هێمنی هەیە و لە شێوەکاریدا چاک و لێزان و کچە مۆدلەکان یەکیان ئەسمەر و بچکۆلەو لەشولار جوان بەسەر سەرتییەکی ناسکی دەکردەوە، ئەوی تریان ڕوخسارێکی منداڵانەی ساردی هەبوو، پاسن گوتی وێسکی بخۆرەوە پارەم هەیە، ڕووی لە خوشکە ئەسمەرەکە کرد و گوتی ئەمەت دەوێ لەگەڵی بیکەیت، هەمینگوای دەڵێ.. پاسن لە کارەکتەرێکی برۆدوەی سەدەی نۆزدەوە دەچوو، تا ئەو نیگارکێشە جوانەی کە هەبوو، ئینجا دواتر کە خۆی خنکاند، من حەزم دەکرد ئەو شەوە کە چۆن بوو لە دۆم، وەها لە زاکیرەمدا بمێنێتەوە، هەمینگوای زۆر بە جوانی لە کەسایەتی ئێزرا پاوەند دەدوێت و مرۆڤێکی دەست و دڵ باش، هەمیشە بەدەم خەڵکەوە بوو، چۆن لە ستۆدیۆکەیدا ئێزرا فێری بۆکسێن دەکات و مەشق و ڕاهێنانی پێ دەکات، ئێزرا لەگەڵ دۆرۆتی ژنیدا لە ستۆدیۆیەکی هەژاردا دەژیان، بەڵام ستۆدیۆکە پاک و ڕووناک بوو، هەروەها ڕستێک تابلۆی شێوەکارانی یابانی تێدا هەڵواسرابوون، ئێزرا هونەرمەندەکانی دەناسین و زۆربەیان لە بەگزادەکان بوون و قژیان بەدرێژی هێشتبووەوە، هەمینگوای دەڵێ من زۆر بەخۆیان سەرسام بووم، بەڵام بە تابلۆکانیان کاریگەر نەبووم، هەمینگوای بە وردی باس لە فۆتۆگراف و تابلۆی کۆمەڵێک شێوەکار دەکات بەشێک لەم تابلۆیانەی کە ئێزرا چێژی لێ دەبینی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمینگوای چێژی لێ نەدەبینین، ئەمەش بۆ جیاوازی زەوق و ڕوانین دەگەڕێتەوە، هەمینگوای.. ویندام لویس کە شەپقەیەکی پانی ڕەشی لەسەر کردووە لە ڕووی پیسی و شەڕانگێزییەوە ڕوخسارەکەی شێوەی بۆقی بەبیر دەهێنایەوە، بۆقێک لە پاریس بۆ ئەو گۆلاوێکی زیاد لە ئەندازە گەورە بوو، هەمیسان سەبارەت بە ئێزرا دەڵێ: ئێزرا بەخشندەترین نووسەر بوو کە هەرگیز لە ژیانمدا ناسیبێتم و بێ تەماعتریش بوو، یارمەتی شاعیر، نیگارکێش، پەیکەرتاش و پەخشاننووسەکانی دەدا کە بڕوای پێیان هەبوو، یارمەتی هەر کەسێکی دەدا ئەگەر لە تەنگانە بووایە، زۆر نیگەرانی تی، ئێس، ئیلیەت بوو، ئیلیەت لە لەندەن لە بانکێکدا کاری دەکرد، کاتێکی کەمی هەبوو بۆ شیعر تەرخانی بکات، ئێزرا دەیویست لەم کاروکارکردنە ڕزگاری بکات تا کاتێکی باشتر و زۆرتر بۆ شیعر دەستەبەر بکات، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵەیەکی دامەزراند بەناوی «دەست و دڵباشی» ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە کۆمەکی کردن و یارمەتیدان بوو، ئەم کۆمەڵەیە بۆ بە چاپگەیاندنی «وێرانەخاک» ڕۆڵێکی باشی گێڕا، هەڵبەتە دوای پێداچوونەوەی ئێزرا بە دەسنووسەکە، یان ڕەشنووسەکە.

هەمینگوای لە بەشێکی تری یادداشتەکەیدا، لە چۆنیەتی کۆتایی هاتنی هاوڕێیەتی نێوان خۆی و مس ستاین دەکات، پێیوایە هاوڕێیەتی چێژە، کاتێک تۆ نەتوانی ئەم چێژە لە سەرتدا، یان لە دڵتدا دروست بکەی چیت پێدەکرێت، دواتر باس لە ناسینی «ئێرنست واڵش»ی شاعیر دەکات کە جێنیشانی مەرگ بوو، واڵش دێتە ستۆدیۆکەی ئێزرا پاوەند و دووکچی جوانی لەگەڵدایە و خۆشی پاڵتۆیەکی ڕەشی پۆشیوە، گفتوگۆیەکی دوورودرێژ دەربارەی گۆڤار و خەڵات و پاداشتی نووسین، بەڵام واڵش نەخۆشە و بە کەشتی هاتووە و کچەکانیشی هەر لە کەشتیدا ناسیوە، پاشان هەمینگوای لە جۆیس دەدوێت و چۆن بە یەکەوە دەچن بۆ دوو- ماگۆ لەویا دادەنیشن و داوای شیرینی وشک دەکەن، جۆیس چاوەکانی تۆزێ کزبووە و لەویاش تۆزێ لە بارەی ئێرنست واڵش-ەوە قسە دەکەن، ئاخۆ خەڵاتی گۆڤارەکەی بۆ کێ تەرخان کردووە ئێزرا، یان کەسێکی تر.. بەڵام هەمینگوای لە سەرەتاوە واڵش بە فریودەر لە قەڵەم دەدات- هەمینگوای لەو ڕۆژەی کتێبخانەکەی (سلڤیا)ی دۆزییەوە، توانی بەرهەمی نووسەرە ڕووسەکان بخوێنێتەوە لەوانە تۆرجنێف، گۆگۆڵ، تۆڵستۆی، چێخۆف و دەستۆیڤسکی، هەروەها ڕۆمانی- دێر پارم-ی ستاندال.. و لە تورینتۆ بەرلەوەی بێتە پاریس پێیان وت: کاترین مانسفیلد کورتە

چیرۆکنووسێکی باشە، بەڵام چیرۆکەکانی چەشنی بیرەیەکی کەم کحوول وابوو، لە دەستۆیڤسکی دا شتگەلی بڕوا پێکراو و بڕوا پێنەکراویش هەبوون، تۆ بە خوێندنەوەیان دەگۆڕایت، لە دیر پارمی ستاندال دا هەرگیز جەنگم بەو شێوەیەی کە هەبوو نەخوێندبووەوە. لە تۆلستۆی دا نەبێت، ئەوکاتەی لەگەڵ ئێزرا پاوەند لە یاری تێنس دەگەڕاینەوە، پرسیم ئەو دەستۆیڤسکی پێ چۆنە.. ئێزرا گوتی ڕاستیت پێ بڵێم من قەت ڕووسییەکان ناخوێنمەوە.. من پێم ناخۆش بوو، چونکە ئەو پیاوێک بوو بڕوای بە کەلیمەی حەق هەبوو، ئەو منی فێرکرد متمانە بە ئاوەڵناوەکان نەکەم. ئێزرا گوتی: دەست بە فڕەنسییەکانەوە بگرە لەوێدا زۆر شت هەیە فێری ببیت، لەگەڵ «ئێڤن شێپمەن»ی شاعیر لە بارێک دادەنیشن و باسی ڕۆمانەکانی دەستۆیڤسکی و هونەری وەرگێڕان دەکەن و لە وەرگێڕی باش دەدوێن و هەردووکیان دەگەنە ئەو بڕوایە کە ڕۆمانەکانی دەستۆیڤسکی دووجار ناخوێنرێتەوە، یان دووبارە و چەند بارە ناکرێنەوە، هەمینگوای وتی ئێمە لە شغونس کتێبمان لێبڕا و «تاوان و سزا»م پێبوو، کەچی نەمتوانی دووبارە ڕۆمانەکە بخوێنمەوە.

ئێزرا بەرلەوەی نوتخ-دام- دو-شوم جێ بهێڵێت و بچێت بۆ ڕاپالۆ- بە هەمینگوای دەڵێت- هەم دەمەوێت ئەم شووشە تلیاکە هەڵگریت و بیدەی بە [دە نینگ] بۆ کاتێک کە پێویستی پێی بێت ڕاڵف چیڤەر دەنینگ.. ئەو شاعیرەی تلیاکی دەکێشا و نانخواردنی لەبیرکردبوو، کاتێک زۆری دەکێشا، دەیتوانی بەس شیر بخواتەوە، ئێلزا کوالیێتی باشی لە شیعرەکانیدا دۆزیبووەوە، دەنینگ لە هەمان ئەو گۆڕەپانە دەژیا کە ئێلزا ستۆدیۆکەی هەبوو، دەنینگ لەڕ و لاواز، نائاسایی و درێژ دەچێتە بانی ستۆدیۆکە و دانابەزێت، کاتێ دەگەڕێتەوە ژوورەکەی، هەمینگوای لە دەرگای دەدا و دیارییەکەی ئێلزای بۆ دەبات، کەچی ئەو بوتڵە شیری تێدەگرێت.. دەنینگ لەسەرەمەرگدا بوو- ئێزرا هەمیسان کۆمەکی بۆ کرد و ڕەوانەی نەخۆشخانەی کرد، ئێزرا لەگەڵ نووسەران زۆر میهرەبان بوو.

هەمینگوای لە باڕی دەنگو، سکۆت فیتزجیراڵد دەناسێت پیاوێکی لەگەڵ بوو بەناوی دەنک چاپلن، یاریزانێکی بەیسبۆڵ بوو، سکۆت خاوەن ڕۆمانی «گاتسبی مەزن» بوو، هەمینگوای ڕۆمانەکەی نەخوێندبووەوە، لە باڕی دەنگو ڕێک دەکەون بەیەکەوە سەفەر بکەن و هەمینگوای بە قیتار بەڕێکەوت و سکۆت دواکەوت.. لە لیۆت لە کافێیەک ئاگربازێک دەناسێت لە پێناو دابینکردنی ژیانی ئاگری قووت دەدا و لەنێوان شەویلکە بێ ددانەکانیدا پارەی وردەی دەنووشتاندەوە، لە ڕێستورانێک داوەتی دەکات و ژەمێک خواردنی بۆ دەکڕێت.. بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن و لە بارەی ژیان و چیرۆک و بەسەرهاتەکان دەدوێن و دواتر دەگەڕێنەوە هۆتێل و کتێبێکی تۆرجنێف دەخوێنێتەوە، سکۆت دێتە هۆتێلەکە و ئۆتۆمبێلە ڕینۆ سەرکراوەکەی لە گەراج ڕاگرتووە، سکۆت چەند جارێک نەخۆش دەکەوێت و هەمینگوای یارمەتی دەدا و بەیەکەوە وێسکی دەخۆنەوە، سکۆت باسی «زێلدا»ی هاوسەری دەکات کە چۆن خۆشی ویستووە و چۆن زێلدا پێشتر فڕۆکەوانێکی گەنجی خۆشویستووە. دواتر باس لە کتێبەکانی «مایکل ئارلن» دەکات، ئینجا دەگەڕێتەوە فڕەنسا، سکۆت و زێلدا، هەمینگوای و هادلی داوەتی شووقەکەیان دەکەن، سکۆت هەمیشە کێشەی لەگەڵ زێلدادا هەیە، ئەم حەز دەکات بچن بۆ ئاهەنگ، ئەویش حەز دەکات کاتی بۆ نووسین تەرخان بکات، زێلدا شێتییەکی شاراوەی تێدایە بە هەمینگوای دەڵێ: ئێرنست پێت وانییە ئاڵ جۆڵسن لە عیسا مەزنترە؟.. هەمینگوای لەدوا بەشی یادداشتەکەیدا باسی گەشتەکانی دەکات، چۆن بۆ دەشتودەر و چیاکان دەڕوات و دواتر بە دووورودرێژی باس لە جوانییەکانی پاریس دەکات، یادەوەرییەکانی ڕۆژانی هەژاری، بەڵام پڕاوپڕ لە چرکەی بەختەوەری- ئەمە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی هەندێ لایەنی جوانی یادداشتەکانی ئێرنست هەمینگوای کە لە یادەوەرییەکاندا پاریس چەشنی جەژنێکی نەبڕاوە دەردەکەوێت.

**سەرچاوە:**

**پاریس جەژنی نەبڕاوە، ئێرنست هەمینگوای**

**ژوان جەلال لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی**

**چاپ: یەکەم، ٢٠١٤**

**چاپخانە: تاران**

**بڵاوکەرەوە: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**